## سازگار



# حەقیقەت

لەهیچ نۆتەیەکی ئەم ئاوازە
تێناکەم
لەمەتەڵو سەرگوزشتەی ئەم
کومانە
سەردەرناکەم..
هەموو شتێ تورەیە.. عەشق..
دەریا
ئایین.. داد..
لەتورەیی‌دا کەشتی‌یەکانی
بەخشندەیی
خۆیان نقوم دەکەن
هانا بۆ قوڵایی مەرگ دەبەن
هەتا مردووەکانیش داوای
زیندوبونەوە
ناکەنو ناکەن
مـن نـازانم ئـەم شـەترەنجە
دوایی کێ دەیباتەوە
خواوەند.. یان مرۆڤە ساکارەکان
یان ئەوەی کە شەرابی ئەم
ژیانە
لەسەر ئەستێرەی بەختی منو
تۆ
قوم قوم.. هێدی هێدی
بڕیاری بۆکەرەوە ئەیخواتەوە
هەموو جێماوین
لەم ماراسۆنی عەقڵو فکرەدا
فریاناکەوین
چونکە تۆفانی مەرگو.. نەمانی
سەنک
بەڕێوەیە.
مـنو .. تـۆو.. حەقیقـەتی
تیادەچین
ئەم نهێنی کەردوونو گریانی
ئاسمانە
ئـەم شکسـتەو ئـەم تـاریکی
بەیانیانە
وەک عەرەبانەیەک
منو تۆش پاڵی پێوە دەنێین
خۆمان بەنینۆکی ڕەش
چـاوی فانۆسـەکانمان کوێـر
ئەکەین
لەسەر سەکۆی بەرژەوەندی
جێگـای گـەرمو نـەرمی بـۆ
رادەخەین
لەسەر شانۆی بەرژەوەندی
هەر چوار پەل سەما دەکەین
ئاوێتـەی رۆژکارەکـانی ئـەم
میللەتە
بەدیوەکەی تریدا هەڵدەواسین
شوشـەڕونەکانی پەنجـەرەکانی
ماڵی فریشتەکان
بەقوڕی سور سواغ دەدەین
بەڵام نا.. من بەخۆمدا دەچمەوە
ئیتر شیش ناکەم بەدڵی خاکدا
بۆ هەڵکەندنی گۆڕراوانێک
چیتر دڵم ناکەم بەبەردێک ڕێ
لەئاوی کاتی ئەم وڵاتە بگرێ
نابم بەلەشکری جنێوو
کەماڕۆی حەقیقەت نادەم
بەشەریعەت شێت
لەسەر ئاڵای ئەم وڵاتە
سوجدە بۆ رۆژی تاقانە دەبەم

# ئاوابوونی تولفە گوڵ کڕەکە

**پەژارە مەمەندساڵح**

بـەبـیـنـیـنـی ئـەم ڕەوشـە ناسەقامگیرە خولیایی قوتاربونی ئافەریدە بوو، دوای بیرکردنەوەیەکی ساخڵەم خۆی یەکلایکردووە لەتەك خودی خۆیو ژیانی، کە تا کوژانەوەی تروسکایی تەمەنی ئەم کاولە ماڵی بێت، گەرەکی بوو خۆی لەتەك سیماو دیوارە ڕەشو داخوراوەکانی رابهێنێ، چونکە تاکە هەلێك کە بونی هەبوو بۆ بەردەوامی بوونی ژیانی خۆگونجاندن بوو لەتەك ئەو واقیعە تاڵەی کە تێی کەوتبوو، ئەوەش تەنها بەهێزە ناوەکیەکانی ئەکرا. سانایی بوو، چونکە خودانی خۆی بوو، بەو پێیەش بەختەوەرێکی گەرەك بوو کە لەوێنەی بەختەوەری هیچ مرۆیەکدا نەبێ. ئەمەش کاتێ دکرا کە لەشوێنگەیەکی دورەپەرێز گیرسابایەوە، لەراستیدا واش بوو ئەم کاولە دەستی هیچ مرۆیەکی پێ رانەدەگەی، بۆیە ئەگەری بەختەوەر بوونی لەروو پڕا، رۆژێك کە تەنها خۆیو گۆپاڵە ئامیارەکەی بوو لەسەر سەکۆیەك لەقەراغی ڕێڕەوە ئاوییە بچوکەکەی تەنیشت کاولەکە دانیشتبوو، زۆر بەوردی لەدرێژایی ڕێڕەوە ئاوییەکەی هەڵئەڕوانی، چەند پێچو لابەلایەکی لەپێکهاتەی جۆگە ئاوییەکە بەدی کرد، خۆی لەبەردەم پرسیارگەلێکدا بینیەوە، وەك ئەوەی بۆچی چاووگی ئەم ڕێڕەوە هیچ یاسایەکی فێری ئەو ئاوەنەکرد کە لێوەی هەڵدەقوڵی وەك ڕێنیشاندەرێکی راستی، لەم ئانەدا خودی خۆی چواند بەم ڕەشە، چاوگەکە وەك ئەو سروشتە کوێرە کە بەبێ ویست ئەوی خستبووە گێژاوی ژیانەوە. گۆپاڵەکەی هێواش هێواش لەتەنکە رووی ئاوەکە ئەخشاند، وتی، نە تۆ نە من بەویستی خۆمان نەهاتووینە بوون، بەبێ هیچ ڕێسایەك تا توش بەم کۆسپو بەربەستانە نەبین، بۆچی دەبێ من لەژیاندا تەنیا نەبوونی بەختەوەری خۆم ببینم؟ لێرەدا نەبوونی بەختی منی لێیە، ئەی کەواتە حیکمەت لەبوونی منو ئەو ئاوە چی‌یە کە خۆنەویستانە هەڵمان ئەدەنە گەروی ژیان، گەرویەکی برسی کە برسیەتی خۆی بەئێمە ناهێڵێ، هەڵوێستی گۆپاڵەکەی گۆڕی بەچەند جارێك بەهێزدای لەروو ئاوەکە تا ناخی خاڵی بۆوە. لەپڕێکدا بیرێك بەزیهنیدا گوزەری کردو وتی " باشە ئەو ئاوە چەژەی دوای پێچو لابەلایەکانی بینی، دەی خۆ ئەو ئاوە بەلا ڕێیەکەدا تێپەڕی، بێ ئەوەی ئەسەری کۆسپەکانی ڕێگەی پێوە دیاربێ، پەیتا پەیتا ئەڕوات بۆ شوێنگەی مەبەست کە دواتر هەموو ئاوەکانی تێئەڕژێ، منیش هێشتا چەژەی دوای کۆسپەکانم ئەچێژم، دەی کەواتە چاووگەکەو هەم سروشت ڕێسای چۆنیەتی مامەڵەکردن لەتەك پێچو لابەلایەکەدا بەخشی بەئاوەکە بەمنیش هەروا، شوێنگە کۆتایی ئاوەکەش مەرگی منە، هەڵبەت قبوڵم کرد هەروەك چۆن ژیانم قبوڵ کرد، لەژیانیشدا هەموو شتێ ڕێی تێ دەچێ یانی تووشی ئەم جۆرە.. تەواوی نەکرد، بەگوڕ تەرماییەك خۆی بەکاولەکەدا کرد، موچورکەیەك بەجەستەیدا هات، یەکسەر هەستایە سەر پێ، بەشڵەژاویو کەمێك ترسەوە لەدرزی چوارچێوەی دەروازی کاولەکە سەیری ناوەوەی کرد، کوڕێکی ڕەش ئەسمەری سیما چرچو لۆچ، قژێکی پڕژو بڵاوو پۆشاکێکی دڕاو، جێ دڕاوەکەشی خوێنی لێئەهات، لەگۆشەیەکی کاولەکە هەڵتروشکابوو، بەبینینی تەواو سەری سوڕما، گەرەکی بوو خۆی نیشانبدات، رووەو کاولەکە هەنگاوی نا، مناڵەکە هەر کە چاوی بەو سیمایە نامۆیە کەوت راچڵەکی دەنگێکی لێوە هات بزەوت نەیزانی چی وت، دیمەنی ماڵەکەو تۆنی دەنگی زۆر شتی لێ بەدی ئەکرا، بێ ئەوەی هیچ بڵێن، پیرە مرۆیەکە دوای پشویەك قیچێك نانی بۆ هێنا، بێ ئەوەی بزانێ برسیەتی یان نا، زیاتر لەبەر ئەوەشی بوو کە کۆتایی بەو بێ دەنگییە بهێنێ، بەسەر ئاماژەی بۆ کرد کە ناخوات، خۆی خواردیو لەسەر لەتە بەڕەیەك دانیشتن، بەرامبەر کوڕەکە چاوی بڕییە بۆشایی نێوان پەتە هەڵوەشاوەکانی بەڕەکەو لەبەر خۆیەوە وتی "کاتژمێرێکە خۆی بەم کاولەدا کردووە کەچی نازانم بۆچیو چییەتی، تۆ بڵێی ئەم سیمایە ساختەبێتو مەرامێکی تری هەبێ سەری هەڵبڕی تابیدوێنێو خۆیشی قوتاربکات لەو گومانو پرسیارە بێ وەڵامانە، بەڵام مەخابن خەوتوو بوو، دەستەکانی خستبوە ناو هەردوو رانی، خۆی گرمۆڵە کردبوو، پیرەمرۆیەکە وتی "لەوە ناچێ ئەم سیمایە ساختەبێت، ریشەی ئازارێکی قوڵی پێوە دیارە، بەو بێ تەمەنیە" رۆژیش وەك چاوەکانی ئەم کوڕە بەلەنگازە خۆی نوقاند بێ شیو پیرە پاڵکەوت، رۆژی دواتر بەشەوقی کازیوەی سپێدە پیر پیاوەکە بێدار بۆوە، مناڵەکەش دەمێك بوو لەخەو راپەڕیبوو، بەدەست قاچەکانی بەیەکەوە نوساندبوو، سنگیشی بەسەر هەردوو ئەژنۆی داهێنابوو، ئاڕاستەی روانینی لەپیرەمرۆ گرتبوو چزەچزی دارەقڵشاوەکانی دەرەوە، هاشو ڕێشنەی ڕێژە ئاوەکە گوێی هەردوو کیانی قوڵاغ کردبوو، جگە لەگمەگمی کۆترەکان، پیرەمێرد بەرپرسیارێك بێ دەنگی شکاندو پرسی، لەکوێ هاتووی هەڵهاتووی چ شوێنێکی، پیرە لەسۆراخ پرسینی نەدەوەستا، مناڵەکە قسەکانی بڕیو وتی، چمە خاڵۆ بێ دەنگ بوو، پیرەش وتی، تەنیا مەرازم بو لەشوێنی نیشتەجێبوونت بپرسم، گەر گەرەکت نی‌یە بێ وەڵام بە، مناڵە وتی، باشە خاڵۆ هیچت لەدەستدێ کە بۆ ژیانی ئێمە بیکەیت، هەر لەو دەوروبەرە دەژیم، پیرە وتی، هیچ رۆڵە، بەڵام سودم لەلێرە بونی تۆ وەرگرت، مێمێڵم بوو دەردت بەیان بکەی، مناڵەکە وتی، ئەها، دە وابڵێ خاڵۆ، گەر بازاڕی مناڵە بێ کەسەکان پێ بزانی لەناوەڕاستی شار، کە پێشتر شوێنی گرتوخانەیەك بوو، منیش یەکێکم لەو مناڵە بێ کەسانە کارم لێ ئەکرد، سێ مانگ پیشەم گوڵفرۆشی بوو، من لەبەر خولیام بۆ ئەم کارە ئەم پیشەیەم تلژین کرد، وە لەو قورسیش بوو، بەڵام خولیایەکی بنەڕەتیم بوو، ئەچوومە دەرەوەی شار لەقەدپاڵی چیاو دامێنی دەشتەکان گوڵم ئەچنی، لەتەك ئەو هەموو ماندوبونە گوڵەکانم بۆ نەفرۆشرا، خاڵۆ رەنگی گوڵەکان سورێکی گەشو کنوشکی بوو، کە ئەم چنین مۆڵەتم لەخاك وەردەگرت، شەوان تا درەنگانێ لەسەر کانی بووم ئەم پاراستن لەسیس بوونو ژاکان، دواتریش ریزم دەکردنو سەرنجی هەموویانم ئەدا، ئەندێشەیەکی قوڵ ئەیبردمەوە، وێنای تولفێکی ژیرو جوانم ئەکرد لەزیهنمدا، کە پۆشاکێکی ئەرخەوانی پۆشیبوو، بەدەم سەمایەکی سەرابیانە بەرەو رووم ئەهاتو لەڕەوشمی ئەپرسی، کایەی لەتەکدا ئەکردمو دوو گوڵی ئەبردن، یەکیان خۆم بۆم تلژین ئەکرد، ئەویتریان خۆی خاڵۆ، ئەزانی نرخەکەی چی بوو؟ لەوانەیە بڵێی پارە، نانا پارەی چی نرخەکەی گێڕانەوەی چیرۆکی (مافی گوڵەکانە) بەدەنگە زوڵاکەی لەناو گوڵەکاندا زۆر بەژیرانە لەزەردەپەڕەی ئێواران تا سروەی سپێدە هەر بەگێڕانەوەی بۆ ئەوسا ماڵئاوایی لێ ئەکردم، لفتی گێڕانەوەی چیرۆکێکی تری پێ ئەدام بەو مەرجەی جوانترین گوڵی بۆ بهێنم، خاڵۆ ئەم تولفە شای خەونەکانم بوو، هێزی پێ ئەبەخشیم، ئەم ئەندێشەیەم لەهەموو ئەو شەوانەدا بوو، کە بەیانیان زوو ئەچووم بۆ گوڵفرۆشی، هەموو گوڵەکان ئەبوونە قوربانی مناڵە قوربانیەکانی بازاڕەکە، دواتریش بێ هودە بوو کە ئەمبینی سەدان گوڵ بەووشکیو بەووردی لەسەر ئەو خاکە ئەکەوتن کە بۆنی شەڕی لێ ئەهات،



بـۆ ل٧

# بڕیسکە

## کوشتنی ژنان چیمان پێدەڵێت؟

دوای کوشتنە وەحشیگەرییەکەی دوعا، کە زۆرکەس پێی وابوو، ئیدی لەمەولا یان مرۆڤایەتی لێرە هەرەس دێنێ، یان ئەمە دوا کوشتن دەبێ، بەڵام دوای ئەویش مەرگی ناشیرینتر هەر روویداو بەردەوام بوو، بەشێوەیەك تەنها ناوو شێوەی کوشتنەکان جیابوو.

کارمای رقو دڕندەیی بەشێوەیەکی ترس ئامێز ئاوێتەی کەلتوری ئێمە بووە، ئاسان نی‌یە، هەر سەر زارەکی لێی بدوێین، ساناش نیە هەروا رەمەکی سەیری گرتەی ئەو کارە توندوتیژیانە بکەین، کە بەدیداریان هەموومان هەست بەکوشتنی عەشقو مرۆڤ بوون دەکەین.

چی بکەین تا نەهێڵین ژن بکوژرێ..؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر سادەیە، بەڵام وەڵامەکەی بریتی‌یە لەکوشتنی ئەو هەستە شەڕانگێزییەی کە بۆی هەیە بەنهێنی لەناخی زۆربەی پیاوەکان حەشار درابێت، کوشتنی سەرجەم موجامەلە خێڵەکیەکانە کە رۆژانە بەرامبەر بەدەسەڵاتو دیوەخانی پیاوسالارانە دەکرێ، کوشتنی سیستمێکە کە زۆرنامۆیە بەمێژووی دوێنێی داپیرەکانمان.

مەرگی دوعا تەنها جیاوازی لەوەدا بوو کە رایچڵەکاندینو وشیاری پێی داین، کە ئیتر ناکرێ بێدەنگ بینو دەبێ بەربەستێك بۆ راگرتنی ئەو پەروەردە ناشەریفانە دابنرێ کە خەریکە کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی ترسناك دەبا، رۆتین بوونی ئەم کوشتنە وە نەبێ هەر لەیەك لایەنەوە کاریگەری ترسناکی هەبێ، بەڵکو لەکوشتنی سەرجەم مرۆڤایەتیەوە دەگەڕێ، بگرە دوای مردنی دوعا، لەماوەی نزیکەی دوو سێ هەفتەدا چەندین ئافرەتو بگرە کوڕی گەنجی تریش گیانیان لێ سەندرایەوە، من پێموایە ئەم جۆرە ترسناکیە هەر هێندەش نیە کە خەڵك پێی وایە نەخۆشی دەرونیە، بەڵام ئەمە لەنەخۆشی دەرونی زۆر هەورازترو باڵاترە، کەوابێ دەبێ هەتا زووە ئەو بەربەستە دروست بکرێ. کوشتنی ژنان پێماندەڵێ، ئەم کوشتنە، کوشتنی سەرجەم رۆحەکانە، کوشتنی بەها ئەخلاقیو مرۆڤایەتیەکانە، بۆیە پێویستە لەدەربازکردنی ئەو بەهایانە سەرجەم مرۆڤەکان بەشدار بکەن، چونکە بەری ئەم ترسە تەنها بەیەك لایەن راناگیرێ، پێویستی بەراچەنینی دەسەڵاتو یاساو سەرلەبەر نۆژەنکردنەوەی بەها مرۆڤیەکانە.

**جوان عەلی**